SORANI

# پێکەوە دەتوانین ئاسایشی گەڕەکەکەت باشتر بکەین



# دەتەوێت یارمەتی باشترکردنی ئاسایشی گەڕەکەکەت بدەیت؟

## ببە بە کەسێکی خۆبەخش بۆ سەرچاوەی پەیوەندی و کار بکە لەگەڵ پاسەوانانی گەڕەک!

وەک کەسێکی سەرچاوەی پەیوەندی، تۆ بەشدار دەبێت لە بەرەوپێشبردنی ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆت. پێکەوە لەگەڵ خاوەن موڵک، شارەوانی، پۆلیس، و ئەوانەی لە ناوچەکەی تۆ کاردەکەن، تۆ یارمەتی دەدێت بۆ دروستکردنی ڕەوشێك بۆ کەمکردنی تاوان وبەهێز کردنی ئاسایش.

### پاسەوانی گەڕەک چیە؟

پاسەوانی گەڕەک واتە ناسینی گەڕەکەکەی خۆت و هەبوونی هاوکاری لە نێوان خۆتان، خاوەن موڵکەکان، پۆلیس و شارەوانی، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە تاوان و تێکدانی ئاسایش لە گەڕەکەکەتدا. خەڵک پێکەوە هاوکاریی یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی ئاگاداری ماڵی یەکتر و ناوچە گشتیەکان بن، وەک ناوچەکانی چوونەژوورەوە، یاری کردن، گەراج و پارکینگی ئۆتۆمبێل.

### سوودەکانی پاساوانی گەڕەک

پاسەوانی ڕێکخراوی گەڕەک دەتوانێت:

- تاوان لە ناوچەی نیشتەجێبوون کەم بکاتەوە
- هاندان بۆ بەشداری کردن و لێك نزیکبوونەوەی کۆمەڵگاکان.
- بەرەو ئاسایشێکی زیاتر و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانەی کە دانیشتوون وکاردەکەن لە شوێنەکە.
- پتەوکردنی متمانە لە نێوان دانیشتوان و لایەنە پەیوەندیدارەکان

لێکۆڵینەوە سویدیەکان دەربارەی بەرنامەکانی پاسەوانی گەڕەک لە شوقەکاندا ئەوەی دەرخستووە کە تاوانی ڕۆژانە نزیکەی یەک لەسەر سێ کەمی کردوە و هۆکارەکەشی بۆ ئەم چالاکیانە دەگەڕێتەوە.


### کاری تۆ وەک سەرچاوەی پەیوەندی

ڕۆڵی تۆ وەک سەرچاوەی پەیوەندی گرنگە، یارمەتی دەدات بۆ دڵنیابوون لە کارکردنی پاسەوانی گەڕەک لە ناوچەکەت. و ئەمەش بریتیە لە:

- وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و سەرنج لە نێوان دراوسێکان و سەرچاوەی یەکەمی پەیوەندی.
- پێدانی زانیاری دەربارەی پاسەوانی گەڕەک بە دانیشتوانی ناوچەکە، ئەوانەی کە تازە هاتوونەتە ناوچەکەوە.
- بەرپرس بێت لە چالاکیە کرداریە دیاریکراوەکان، وەک هەڵواسینی نیشانەی سەر شەقام و لەزگەی دەرگا و پەنجەرە.
- بەشداریکردن لە کۆرسی ڕاهێنانی پاسەوانی گەڕەک، کە لەگەڵ شتی دیکە تیشکدەخاتە سەر چۆنێتی ڕێگری کردن لە کاری دزی تاوانی تر.
- دووپات کردنەوەی دڵسۆزی بۆ پاسەوانی گەڕەک لە ناوچەکەی خۆتدا.

لەو باڵەخانانەی شوقەی زۆریان تێدایە، باشترە لە هەر قاتێکدا هاوکارێک یان دوان هەبن بۆ هەر قاتێك. وەک سەرچاوەی پەیوەندی، تۆ لە شوقەکانی ئەو قاتە بەرپرسیت. هەر قاتێک دەتوانن کۆبوونەوە لە نێوان خۆیاندا بکەن، کە هەموو دانیشتوانی قاتەکە ببینیت و قسە لەسەر ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆتان بکەن.

هەروەها دەتوانی یارمەتی بدەیت بۆ هاندان وپابەندبوون بە گەڕەکەکە. ئەمە واتای ئەوە نیە کۆبوونەوەی قەدەغەکردنی تاوان ئەنجام بدەن، مەبەستەکە ئەوەیە شتێک پێکەوە بکەن تا کەشی ئەرێنی کاری هاوبەش لە ناوچەکەی خۆتان بتەو بکەن.



## پشتگیریی سەرچاوەی پەیوەندی بکە

وەک سەرچاوەی پەیوەندی، لە لایەن چەندین کەس لە ڕێکخراوی جیا پشتگیری دەکرێیت. هەروەها لە لایەن ئەندامانی تری بەرنامەکەوە زانیاریت پێدەدرێت و پشتگیری دەکرێیت، لە سەرووی هەموویانەوە، لە لایەن سەرچاوەی سەرەکیی پەیوەندی.

سەرچاوەی پەیوەندیی ناوچەکەت دەتوانێت لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکیی پەیوەندی یان ئەندامانی تری پاسەوانیەکە دابنیشێت و گفتوگۆ لەسەر بابەتە گشتیەکان بکەن.

## ڕێکخراو:

**گروپی هاوبەش**

گروپی هاوبەش بەر پرسیارە لە سیاسەت، سەرچاوەکان، بەدواداچوونی کار وچۆنیەتی بەروپێشچونی کارەکان. ئەم گروپە لە خاوەن موڵک، دانیشتوانی کۆمەڵگاکان، پۆلیس، شارەوانی و ئەوانی تر پێکهاتووە.


**سەرچاوەی سەرەکی پەیوەندی و گروپی ڕێکخستنی ناوخۆیی**

سەرچاوەی سەرەکی پەیوەندی بەرپرسە لە ڕێکخستنی کار و دڵنیابوونەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکان. هەروەها ئەم کەسە زانیاری لە نێوان دانیشتوان و گروپەکان دەگەیەنێت. دەتوانرێت گروپێکی هاوبەشی ناوخۆیی پێکبهێنرێت کە بەرنامە دابڕێژێت وجێبەجێیان بکات لەگەڵ کەسی سەرچاوەی سەرەکیی.

**سەرچاوەی پەیوەندی**

سەرچاوەی پەیوەندی بەرپرسە لە گەیاندنی زانیاری لە نێوان سەرچاوەی زانیاریی سەرەکی و دانیشتوانی قاتێکی دیاریکراو. بۆ هەر قاتێک، یەک یان دوو سەرچاوەی پەیوەندیی گونجاوە.





# زانیاریی زیاتر دەربارەی پاسەوانی گەڕەک

## Brottsförebyggande rådet (Brå) (ناوەندی قەدەغەکردنی تاوان)

ئەم تێکستە لە *Grannsamverkan i flerfamiljshus – en guide* (ڕێبەرێک بۆ پاسەوانی گەڕەک لە باڵەخانە فرە شوقەییەکان) وەرگیراوە. دەتوانیت لەسەر ماڵپەڕی Brå زانیاری زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ پاسەوانی گەڕەک لە شوقەی باڵەخانەکان ، یان زانیاری دەربارەی بەرنامە جیاوازەکانی پاسەوانی گەڕەک بدۆزیتەوە و بە هێز کردنی تێگەیشتنت لەسەر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە.

www.bra.se/grannsamverkan

## هاریکاری دژی تاوان

لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ڕێکخراوەی *Samverkan mot brott* (هاریکاری دژی تاوان) کار لەسەر بیرۆکەی پاسەوانی گەرەک دەکات لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری، داڕێژانی ڕێبەری و ڕاهێنان و کەرەستەی زانیاری.

ئەو ڕێکخراوانەی لە ژێر چەتری Samverkan mot brott-دان، ئەمانەن، پۆلیس، Brå،
(Sveriges Kommuner och Landsting (SKL و SSF (پێشتر بە Stöldskyddsföreningen ناسرابوو)،
هەروەها کۆمپانیاکانی پارێزەر، خاوەن موڵکەکان و کۆمەڵەکانی نیشتەجێبوون.

www.samverkanmotbrott.se

## دەتەوێت ببێت بە سەرچاوەی پەیوەندی؟

بۆ زانیاریی زیاتر، پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاسەوانی شەقام لە ناوچەکەی خۆتدا:

*Skriv in era kontaktuppgifter här.*
*Lägg in er logotyp under era kontaktuppgifter eller till höger genom att lägga till bild.*

© Brottsförebyggande rådet 2016, Form: Ordförrådet AB och AB Typoform, Illustratör: Anna Gunneström